# بۆ ئەوەی کرێکاران وەکو هێزێکی عەزیمی ئاڵوگۆربەخش لە مەیدان راوەستن دەبێ رێکخراوبن

## وتەی رێبوار ئەحمەد لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی شوراو نەقابە کرێکارییەکانی عێراق (بەغدا 2005/4/8)

هاورێیانی کرێکار

بە ناوی خۆمو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراقەوە پیرۆزبایی ئەم کۆنگرەیەتان لی دەکەم، هیوادارم سەرکەوتوانە کارەکانی خۆی تەواو بکات، ئارەزووم ئەوەیە ئەم کۆنگرەیە ئامادەییەکانی یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان بۆ ریکسختنو رابەری کردنی خەباتو نارەزایەتی کریکاران بەرەوسەر بەریتو گوروتینیکی تازەی پی ببەخشێ.

هاورێیان!من بە بایەخیکی زۆرەوە دەروانمە ئەم کۆنگرەیە. رۆژانە چەندین کۆروکۆبونەوەو کۆنگرەی جۆراوجۆر لەم کۆمەلگایەدا لەلایەن نوینەرانو بەشە جیاجیاکانی چینە داراو دەسەلاتدارەکانەوە بەرپادەکریت. لەو کۆنگرانەدا لە ژیرناوی جیاجیادا پیلان بۆ بەزەنجیرکیشانی جەماوەری فراوانی کریکارانو خەلکی زەحمەتکیشو ئازادیخواز دادەرێژن، لەو کۆنگرانەدا بینەوبردە لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی دەسترەنجی بەتالان براوی کریکارانە لە نیوان مشەخۆرانو کارنەکەراندا. بەلام ئامانج لەم کۆنگرەیە دارشتنی نەخشەو پلانە بۆ وەرگرتنەوەی مافی زەوتکراوی کریکارانو پساندنی ئەو کۆتوبەندانەی کە لە دەستوپێی هەموو مەحرومانی کۆمەلگا ئالاوە.

کریکارانو بزووتنەوەی کریکاری هیزی ئالوگۆربەخشی ئەم کۆمەلگا سەرەوخوارەن. کەسانیکیش کە ئەمرۆ لەم هۆلە بۆ ئەم کۆنگەرەیە کۆبونەتەوە، کریکارانی پیشرەوو رابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کریکارین. کریکارانی پیشرەو هەمیشە دەوری گرنگیان هەیە لە دارشتنی خواستو دیاریکردنی شیعاراتو خەتی خەباتی رۆژانەی چینی کریکاردا. ئەگەر ئەم کۆنگرەیە لەسەر خەتیکی دروستو پیشرەوانە راوەستیت دەتوانی تەکانی گەورە بە بزووتنەوەی کریکاری بدات بەرەوپیشەوە.

لەم روانگەیەوە من دەمەوێ چەند خالیك بخەمە بەردەم ئەم کۆنگرەیە کە پیم وایە بە مهمامو ئەولەویەتەکانیەوە پەیوەستە. پەندیکی کریکاری هەیە دەلی "هیزی کریکار لە ریکخراوبونیدایە". واتە کریکاران دەبی ریکخراوبن بۆ ئەوەی ببنە هیزیکی چارەنوس ساز لە کۆمەلگادا. کریکاران بربرەپشتی دنیای ئەمرۆنو کۆمەلگا لەسەر شانی ئەوان دەچەرخێ. بۆیە هەرکات ئیرادە بکەن دەتوانن کۆمەلگا رابگرنو تەنانەت ژیرەوژووری بکەن، ئەگەر هەر سبەینێ کریکارانی نانەواخانەکانی ئەم شارە دەست لەکار هەلگرن نان نابێ کەس بیخوات. بەلام ئەگەر ریکخراو نەبن تەنها وەکو دێویکی خەوتوو وان. بۆ ئەوەی وەکو هیزیکی عەزیمی ئالوگۆربەخش لە مەیدان راوەستن دەبێ ریکخراوبن.

هەلبەت ئیوە بۆ ئەم مەبەستە لیرە کۆبونەتەوەو دەستتان بەم کارە کردوە. بەلام واقعیەت ئەوەیە کە ئەمرۆ لە هەلومەرجیکی زۆر سەختو دژواردا باسی ریکخراوبونی کریکاران دەکەین. جەنگی ئەمریکاو شەری تیرۆریستی هیزە قەومیو دینیەکان، هەروەها بیکاری بەربلاوو برسیتیو بیدەرەتانی سەدو یەك کۆسپو تەگەرەیان لەبەردەم خەباتو ریکحراوبونی کریکاراندا پیکهیناوە. ناسنامەی قەومیو دینیو تائیفیو جنسی کراوەتە وەسیلەی دابردابر کردنی ریزی کریکاران. بە بەهانەی کوردو عەرەبو تورکمان، یان ئیسلامو مەسیحیو بێدین، بە بەهانەی شیعەو سونە، تەنانەت ژنو پیاو، ریزی کریکارانی هاوچینو هاوچارەنوسیان پەرشو بلاوکردوە. کریکارانی پیشرەو دەبێ بەسەر ئەم سەختیانەدا تیپەرنو ئەم کەندو کۆسپانە هەلتەکینن بۆ ئەوەی بتوانن ریزەکانی کریکاران یەکگرتوو ریکخراو بکەن.

سەرەتایەکی گرنگ بۆ ریکخراوبونی کریکاران لە هەموو کاتیکدا، ئەوەیە کە لە ریزیکی سەربەخۆدا خۆیان ریکخراو بکەن، سەربەخۆ بە مانای سەربەخۆ لە دەولەتو ئەحزابو بزووتنەوە جۆراوجۆرە بورژوازیەکان. نابی هیچ کاتیك بواربدەن کە بورژوازی دەست بخاتە ریکخراوی ئەوانەوە، نابی کریکاران بچنە چوارچیوەیەکەوە کە بورژوازی بۆیانی کیشاوە. چونکە هەرجۆرە دەخالەتیکی بورژوازی لە ریکخراوە کریکاریەکاندا تەنها بە مەبەستی رێتێکدانو دەستەمۆکردنو تەسلیم کردنیانە. هەر ریکخراویك دەولەت یان حیزبو دامەزراوەکانی دەستی تیوەردا، ئیتر هیچ کەلکیکی بۆ کریکاران نامینێ. ئەو ریکخراوە جۆراوجۆرانەی ئیستا کە دەولەتو لایەنە بورژوازیەکانی ئیستا بە ناوی ریکخراوەی کریکاریەوە دروستیان کردوە، ئاشکراترین بەلگەی ئەم حەقیقەتەن، کە تەواوی دەورو هەولیان بۆ دەستەمۆکردنی کریکارانو تەسلیم کردنیانە بە قازانپەرستی سەرمایە.

بەلام سەرباری ئەمە، ریکخراوبوونی سەربەخۆی کریکاران وەکو سەرەتایەك کە بۆ هەمووکات راستو ئەساسیە، بۆ ئیستای عیراق هەر زۆر حەیاتیە. هەرچی حیزبو بزووتنەوەو دەستەوتاقمی بورژوازیو دەولەتو دامەزراوەکانیان هەیە، بە گەرمی سەرقالی دەستەبەندی کردنی هاولاتیانن لەسەر بناغەی قەومو دینو تایفەو جنسو هەرچی ناسنامەی ساختەو پوچ هەیە، لەسەر ئەم بناغەیەش هاولاتیان دەکەن بە گژی یەکدا، لە بەرژەوەندیە واقعیەکانو جەبهە ئەصلیەکانی خەبات دوریان دەخەنەوەو دەیانەوی لە دەوری کۆمەلیك مەسەلەی پوچو کۆنەپەرستانەو دژ بە بەرژەوەندەییەکانی خۆیان هەلیانخرینن. ئەمە پیش هەموو شتیك گورزیکی کوشندە لە کریکارانو بزووتنەوەکەیان دەدات. هەر بۆیە دەبیَ کریکاران لە پیش هەموانەوە بەرامبەری راوەستن. ئەمەش ریزی سەربەخۆو ریکخراوی سەربەخۆی کریکارانی دەویَ.

مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە بورژوازی ئەگەر هەر نەیتوانی بەسەر ریکخراوبونی کریکاراندا زال بیت، هەولدەدات ئاسۆی خۆی بەسەریدا زال بکات. بە تایبەتی هەولدەدات بزووتنەوەی کریکاریو ریکخراوەکانی تەنها لە چوارچیوەی خەبات بۆ دەسکەوتو ئیصلاحاتیکی لاوەکیدا بەرتەسك بکاتەوە. بە دیاریکراوی هەولدەدەن لە مەیدانی خەباتی سیاسیو دەورگیران لەسەر ئایندەی کۆمەلگا دوریان بخەنەوە، ریکخراوە کریکاریەکان تەنها وەکو ئامرازیك بۆ خەباتی رۆژانەی کریکاران دەناسینن.

لەم بارەیەوە پیویستە ئەوە بۆ کریکارانی پیشرەو رۆشن بیت کە ریکخراوە کریکاریەکان نە تەنیا وەسلەی ریکخستنو رابەری کردنی خەباتی رۆژانەن بۆ باشکردنی ژیان، بە لکو لە هەمان کاتدا وەسیلەن بۆ بردنەسەری توانای ریکخراوەیی چینی کریکار بۆ گۆرینی بەهیزیکی سیاسی قودرەتمەندو کاریگەری ئالوگۆربەخش. ئایندەیەکی درەخشان بۆ کۆمەلگا لە گرەوی ئەوەدایە کە چینی کریکار لە مەیدانی ململانیَو کیشمەکیشی سیاسیو کۆمەلایەتیدا بە ریزی ریکخراوو بە حیزبو ئاسۆی سیاسیو بەرنامەی سەربەخۆی خۆیەوە راوەستیت.

دیسانەوە ئەم مەسەلەیەش لە هەمووکات زیاتر بۆ ئیستای عیراق زەرورەتی هەیە. چینی کریکار نابی لە جەرگەی ئەم وەزعیەتە فەلاکەتبارو پرمەینەتو هەروەها پرئالوگۆرو پر کیشمەکیشەدا لە مەیدانی خەیاتی سیاسی دورکەویتەوە، نابیَ لە خانەی هەولدان بۆ ئیصلاحاتو خواستی رۆژانە قەتیس بمینیَو دەسەلاتی سیاسیو حکومەتو چارەنوسی کۆمەلگا بۆ هیزو بزووتنەوە بورژوازیەکان ویَل بکات. نابیَ بەرامبەر هیچ گرفتو مەسەلەو رووداویکی سیاسی ئەم کۆمەلگایە بیَ دەربەست بیت. ئەمەش جهەتگیریەکە کە دەبیَ کریکارانی پیشرەو زەمانەتی بکەن.

کریکاران خاوەنی واقعیی کۆمەلگان، ئەوان دەیچەرخینن، دەبیَ هەر خۆشیان بەریوەی بەرن، دەبیَ کۆمەلگا بەدەست ئەوانەوە بیت. ئەگەر کۆمەلگا بەدەست کریکارانەوە بیت، لیواولیو دەبیت لە خۆشیو شادیو ئازادیو یەکسانیو خۆشگوزەرانی. خەبەریك لە زولمو زۆرو چەسانەوە نابیت. چینی کریکاری عیراق هیشتا وەکو دیۆیکی خەوتوو وایە، بەلام ئەگەر راپەریَ دەتوانیَ هەموو بەرەی کۆنەپەرستی ئیستا بە هەموو کارەساتەکانیانەوە، بە هەموو دامو دەزگای سەرکوتو تاوانکاریانەوە، بە پشتیوانیە جیهانیەکانیانەوە...رامالیَو کۆمەلگایەکی شایستە بە ئینسان بەرپا بکات. ئەم راپەرینە لە گرەوی ریزبەستنو ریکخراوبونی کریکارانە لە دەوری بەیلو ئاسۆو خەتی سۆسیالیستی. بە بروای من ئەم کۆنگرەیەو یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان دەبیَ ئەم ریگایە هەلبژیریَ. بە قەولی مارکس گول لیرەیەو دەبیَ لیرە سەمای بۆ بکەین.